بە ئامادەبوونی 172 پەرلەمانتار ئەنجوومەنی نوێنەران دانیشتنی خۆی ئەنجامدات



ئەمڕۆ چوارشەممە ئەنجومەنی نوێنەران، بە ئامادەبوونی 172 پەرلەمانتار و بە سەرکایەتی موحسین مەندەلاوی جێگری یەکەمی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران، دانیشتنی خۆی ئەنجامدا.

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: موحسین مەندەلاوی جێگری یەکەمی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران، کارکانی دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی پێنجەمی هەبژاردن، ساڵی چوارەمی یاسادانان، خولی دووەمی یاسادانانی کردەوە، ئاماژەی بۆشدا: دانیشتنەکە بە ئامادەبوونی 172 پەرلەمانتار بەڕێوەچوو.

ڕوونیشیکردەوە: ئەنجوومەنی نوێنەران دەنگیدا بە زیادکردنی ئەم بڕگانەی خوارەوە بە بەرنامەی کارکەی (خوێندنەوەی دووەم بە ڕەشنووسی یاسای دەستەی حەشدی شەعبی، دەنگدان بە سەرجەم و ئێندامانی ئەنجومەنی ڕاڤەی فیدراڵی، و دەنگدان بە سەرکی ئەنجومەنی دەوڵەت).